# دوای تەواوبوونی کۆنگرەی ون بوو عەمان بێسەرو شوێنەکانی عێراقو کوردستان

# بەرپرسی ناوەندی (چاک) لە کوردستان لە ئاکامی کۆبوونەوەکە دەدوێت

لەماوەی ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٨ ی ئەیلولی ٢٠٠٥ زنجیرەیەك کۆبونەوە لە عەمانی پایتەختی ئوردون بە ئامانجی دامەزراندنی (سەنتەری وونبوون بێسەرو شوێنەکانی کراوەکانی عێراق) و بەسەرپەرشتی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نێردەی (UN) بۆ یارمەتیدانی عێراق و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ بەڕێوەچوو، وێرای نوێنەرانی حکومی و ئاژانسەکانی بیانی و (NGO)یەکان، هەروەها نوێنەرانی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی عەمان کرد، لەنێوانیاندا (سەلاح مەزن) بەرپرسی کوردستانی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك) ئامادەی ئەو کۆبوونەوانە بوو، دوای گەرانەوەی بۆ کوردستان، بەباشمان زانی دەربارەی ئەو کۆبوونەوانە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز سەلاح مەزن سازبکەین ئەمیش لەو بارەیەوە وتی:

ئەو کۆبونەوانەی کەوا لەلایەن بەشی مافەکانی مرۆڤ (UN AMI) سەرپەرشتی دەکرا، تێیدا نوێنەری (٩٢) ڕێکخراو و کۆمەڵەی ناحکومی و ڕێکخراوی (NGOS) و ئاژانسەکانی UN لە وولاتانی جیاجیا بانگهێشت کرابوون، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کەشارەزایی و ئەزموونیان لەبواری پرسی ونبوو بێسەرو شوێنکراوەکانی شەر و گۆرە بەکۆمەڵەکان و پرۆسەکانی پاکتاوی نەژادی هەیە، لەوانەش کۆسۆفۆ و وڵاتانی پارە بەخش بە عێراق.

### باشە ئامانج لەو کۆبوونەوانەی عەممان چی بوو ؟

دیارە ئەوە دوایین کۆبوونەوە بوو لەو زنجیرە دیدارو کۆبوونەوانەی کەوا لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ دەستی پێکرا، بە مەبەستی جێبەجێکردنی مەرسومی ژمارە (١٨)ی حکومی عێراق، کەوا لە ٢٠ ی شوباتی ٢٠٠٥ دەکراوە و داوا لە وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ و نوسینگەی مافەکانی مرۆڤ سەر بەنێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتی دانی عێراق دەکات، گەر ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ دامەزراندنی سەنتەری ونبوو بێسەرو شوێنکراوانی عێراق، خۆشبەختانە ئەو مەرسووم و هەنگاوانە هاوکات لەگەڵ ڕەشنووسی یاسای پاراستنی گۆرە بەکۆمەڵەکان کە لە ٣ ی ئایاری ٢٠٠٥ گەلاڵە کراوە، چونکە یاسای سەنتەری ناوبراویش لە ٢ی ئایاری هەمان ساڵ دەرکراوە، دیارە لە کۆبوونەوەکانی پێشووی (عەمان، کوێت و بەغدا) ئامادەکارییەکانی لۆجستی، هونەری، تەکنیکی و یاسایی لەگەڵ شارەزایانی عێراق، کوردستان و نێودەوڵەتی باسکراون و پلان و نەخشەیان بۆ دانراوە، کە دوو تەوەری گرنگ لەبەرچاو گیرا و بایەخی سەرەکی پێدرا.

یەکەمیان: چۆن کەس و کاری ونبوان لەنێوانیاندا کەسوکاری قوربانیەکانی ئەنفال و مەینەتیەکانی دیکەی گەلی کوردستانمان، بتوانن لە دامەزراندن و هەڵسورانی ئەو سەنتەری بەشداریان پێ بکرێ و توانای ئەوەیان لابنیات بنرێ تا بتوانن بەئەرك و رۆڵی پێویستی خۆیان هەڵسن، ئەوەش لە ڕێگای کۆرسەکانی هۆشیاری و ڕاهێنانی هونەری و تەکنیکییەوە کارامە و ئامادە دەکرێن و دواتر خۆیان لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە، ئامار، کۆکردنەوە شیکردنەوەی زانیاری و دیکۆمێنتەکانی کەسوکارو قوربانییەکان رۆڵی خۆیان دەگێرن، تا بەهاوکاری و یارمەتیدانی سەنتەرو وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و شارەزایی نێو نەتەوەیی تەرمی پیرۆزی ئەنفالکراو و بێسەروشوێنکراوەکانی گەلەکەمان زێدی باب و باپیران بهێنرێنەوە و لە باوەشی کەسوکار و میللەتی خۆیان لەگۆرستان و مینومێنتی شایستە بەپیرۆزی تەرمەکان بەرێزو حورمەتەوە بشاردرێنەوە، هەڵبەت ئەوەش جۆرێك لە سەبووری بۆ خێزان و کەسوکارو تەواوی گەلەکەمان دروست دەکات، بەوەش خەونێکی گەورەی هەموو لایەکمان دێتە دی، دەسکەوتێکی گەورە و پیرۆزیش بەرهەم دەهێنرێت، بۆیە وا پێویست دەکات هەموو لایەکمان لەو ئەرکە مرۆیی و نیشتمانییە بەلێوەشاوەیی و هەستکردن لە لێپرسراوێتی مێژوویی کاربکەین، بەتایبەتیش ڕێکخراو کۆمەڵەکانی ئەنفالکراو و بێسەروشوێنکراوان، مافەکانی مرۆڤ و وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی کوردستان و میدیا، زانکۆو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەرجەم دڵسۆزان و دۆستانی گەلەکەمان لەناوەو دەرەوەی وڵات ئەرك و چالاکیان وەئەستۆ دەکەوێ، من لێرە بەناوی ناوەندی هەڵەبجە و فدراسیۆنی دایکۆکیکردن لەگەلی کوردستان هیوای ئەوە دەخوازم کە هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی ئەنجام بدرێت.

دووەمیان: میکانیزمی کارو پێکهاتی سەنتەرەکە گفتوگۆیان لەسەرکراو دوای مشتومڕی زۆر بریار لەسەر هەیکەلی گشتی و یاسای بنەرەتی سەنتەر درا، بەو پێیە لەماوەی چوار ڕۆژی پڕ گفتوگۆ بەپێی بەرنامەیەك کەوا (یۆنامی) دایر شتبو لەلایەن جۆن پاتشییەوە سەرپەرشتی دەکرا، تەواوی ئامادەبوان دابەشی سەر دوو گروپ دەکران و لەو دوو تەوەرەی سەرەوەیان دەکۆڵیەوە، پاشان لەدواین ڕۆژی کۆبونەوەکاندا و لە کۆبوونەوەی و فراوان ئاکامی گروپەکان دەخرایە بەردەم کۆبوونەوەی گشتی و بریاریان لەمەر وەردەگیرا.

### باشە ئاکامی کۆبوونەکان بەچی گەیشتن ؟

ئاکام بریار لەسەر پێکهات و یاسای بنەرەتی سەنتەر دراو پاشان لەنێوان نوێنەرانی ڕێکخراوو کۆمەڵەکان، هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕەوشەن بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدرا و (٨) ئەندام بۆ ئەنجومەنی گواستنەوەی سەنتەر هەڵبژێردران، جێگای ئاماژە پێکردنە کە دوو نوێنەری ڕێکخراوەکانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی گواستنەوە و چاودێری هەڵبژێردران، هەروا سەنتەری ناوبراو نوسینگەی لە کوردستان و ناوەراست و خوارووی عێراق بۆ دەکرێتەوە.

### *ڕۆڵی ئێوە وەك نوێنەری کوردستان لەو کۆبوونەوانەدا چۆن بوو ؟



نوێنەرانی کوردستان ئەگەرچی ژمارەیان لەچاو ناوەراست و باشووری عێراق دیاری کراو بوو، بەڵام شان بەشانی نوێنەرەکانی تر بەشداری چالاکانەیان لە تەوەرەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکرد، کە پێکهاتبوو لە ناوەندی هەڵەبجە، ڕێکخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال، نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی هەولێر) و هەروا کاك بەختیار ئەمین وەزیری پێشووی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی ئامادەبوون، کە هەمووومان پێکرا توانیمان کاریگەرانە داکۆکی لە پرسی ئەنفال و مەینەتیەکانی گەلەکەمان بکەین. ناوەندەکەمان توانی ئەزمونی خۆی لەدروست کردنی (فیدراسیۆنی داکۆکی لەگەلی کوردستان) کەوا (١١) ڕێکخراو و کۆمەڵەی ئەنفال و کیمیا باران و ژمارەیەك گۆڤارو لێکۆڵینەوە لە کوردستان لەخۆ دەگرێ بۆ ئامادەبوان باس بکاو هەروا بیرۆکەی دروست کردنی تۆرێکی فراوان بۆ گشت ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی کەسوکاری ونبوو بێسەروشوێکراوانی کوردستان و عێراقی خستەروو بۆ ئەوەی لەو پرۆسیسە گرنگەو لە بواری گۆرە بەکۆمەڵەکان هەماهەنگی و ئاسانکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەو پێشنیارە بووە مایەی گرنگیپێدانی نوێنەران و سەرپەرشتیارانی کۆنفراسەکە، هەنگاوی بەرایی بۆ هەڵنرا و دیدارو کۆبوونەوەی بۆ کرا، بەو هیوایەی سەنتەرەکە لە ئایندەیەکی نزیك هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنێ و دەسبەکاربێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانو بەرنامانەی کە لەو کۆبوونەوانە بریاریان لەسەر دراوە.

# چارەنووسی پەپوولەکانی ئێستاو ئایندەی کورد و جیهان !

نوسین و ئامادەکردنی/ دەریا

هەژاریو کارکردنی منداڵان لە جیهاندا دیاردەیەکی ئاشکراو بەربڵاوە. منداڵان دەکرێنە قوربانی لەو کۆمەڵگاو ناوچەو وڵاتانەدا کە هەژاری تیایدا زۆرە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤو مافی منداڵە بەتایبەت. کۆمەڵگایەکیش گەر لاو و منداڵەکانی لەسەر بنەمایەکی ڕۆشنبیری ئازادی ماف و دڵنیاییەوە پەروەردە نەکات، ئەوا نەك چارەنووس و داهاتووی ئەو منداڵانە تەندروست نابێت، بەڵکو دواجار کۆمەڵگایەکی ناتەندروست و نارۆشنبیرخواز لێیی دێتە بەرهەم. کەم نین ئەو خێزانە هەژارانەی لە وولاتە جیاوازەکاندا منداڵەکانیان لە تەمەنی ٥ ساڵییەوە دەدەنە بە کارکردن. کوردستانیش بەدەر نییە لە کارکردنی منداڵان و پێشێل کردنی مافەکانیان. وەك ئاشکراش کراوە ژمارەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن لە وڵاتێکدا کە مافی مرۆڤ تیایدا پێشێل دەکرێت ١٠ جار زیاترە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی لەو وڵاتانەی لەسەر بنەماکانی یەکسانی و مافی مرۆڤ کار دەکەن.

هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان:

١-هەژاری.

٢-ناهۆشیاری کۆمەڵگاو درك نەکردن بە مافەکانی منداڵ.

٣-کۆمەڵگای باوکسالاری

٤-قوتابخانەی خراپ

٥-پەروەردەی خێزان

ئەمانە و چەندین هۆکاری تریش کە دەبنە هاندەر بۆ کارکردنی منداڵان.

وەك ئاشکرایە لە وولاتانی ئەوروپا گەنجان لە تەمەنی ١٦ ساڵیەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێدەدرێت لە پشووی هاویندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو گەنجانە ڕابهێنرێن لەسەر چۆنێتی کارکردن و تێکەڵاو بوون لەگەڵ خەڵکانی تردا، تا لە داهاتوودا ئاسان دەست بکەن بە کارکردن.

کارکردن لە تەمەنێکی نەگونجاودا لە وولاتانی ئەوروپا و ئەو وولاتانەش کە ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ ومافی منداڵیان ئیمزا کردووە قەدەغەو ڕێگەپێدراوە.

کەم نین ژمارەی ئەو منداڵانەی لە کوردستان و لە جیهانی سێشدا لەبەر هەژاری و کەمی بژێوی ژیان و دابین نەکردنی خۆراك لەلایەن گەورەکانیانەوە دەست دەدەنە کارکردن، لە هەندێك جاریشدا بە زۆر دەدرێنە بەر کارکردن لەلایەن خێزانەکانیانەوە.

وەك ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی مافی منداڵو پارێزگاری کردن لە منداڵ ئاماژەیان پێکردووە گشت ئەو کارانە مەترسی دەخەنە سەر لایەنی تەندروستی و دەروونی هەریەك لەو منداڵانە.

ڕێکخراوی (ILO) کە کورتکراوەی Labour International Organization ە لەسەر ژمێرییەکدا ئاماژەی بەوە کردو کە ژمارەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن لە جیهاندا ٢٥٠ ملیۆنە، زۆربەشیان لە تەمەنی ١٤-١٥ساڵدان.

هەر لە ئاسیا ١٥٣ ملیۆن کاردەکات ئەمەش دەکاتە ٦١٪ لە هەموو منداڵانی ئاسیا، لە ئەفریقا ٣٢٪ کاردەکەن واتە لە ٥ منداڵ دوانی ناچێتە قوتابخانە.

٧٪ لە لاتین ئەمریکا کاردەکەن.

لەوولاتی بەنگلادیش ڕێژەی هەژاری زۆر بەرزە ژمارەیەکی زۆر منداڵانی ئەو وولانە کاردەکەن، شیاوی باسە زۆربەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن کچن. هاوکات ریکخراوی مافی منداڵان ئاماژەی بەوە کردووە کە لە هەموو جیهاندا ئەو منداڵانەی کاردەکەن کچن. ئەو کارانەش کە بەکچانی منداڵ دەکریت بە کۆیلەکردن و فرۆشتنیانە بە وولاتانی تر، یاخود کارپێکردنیانە لە ماڵاندا، ناکریت لەیادمان بچیت کە لە ٢٤٪ ی ئەو کچانە تەمەنیان لەنیوان ٥-١٠ ساڵدایە.

هەر هەمان ریکخراو ئاماژەی بەوە کردووە کە ساڵ بەساڵ ریژەی ئەو منداڵانەی کاریان پیدەکریت زیاد دەکات. (ILO) لەسەرژمێرییەکدا کە لە ساڵی ١٩٩٠دا کردوویەتی رادەگەیەنریت کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن تەمەنیان لەنیوان ٥-١٤ ساڵدایەو کۆی هەمووشیان لە کۆمەڵگادا دەکاتە ٧٨,٥ ملیۆن، زۆربەشیان کچن و لە تەمەنی ٥ تا ٧ ساڵییەوە دەست دەکەن بەکارکردن.

لەوولاتی سریلانکە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ منال بە ماڵاندا کاردەکەن وە تەمەنیشیان لە ١٢- بۆ ١٧ ساڵدایە، وەکاتی کارکردنیان لە ڕۆژیکدا ١٠تا ١٥ کاژیرە، زۆربەی ئەو منداڵانە یان لە خیزانیکی هەژارەوە هاتوون یاخود بی دایك و باوکن. هاوکات ترسیکی گەورە هەیە تایبەت بەو منداڵانەی ڕووبەڕووی لێدان و کاری سێکسوالێتی دەبنەوە.

جێگەی ئاماژەیە لێرەدا باس بکرێت کە ژمارەی ئەو منداڵانەی ساڵانە دەفرۆشرێن بۆ کاری سێکسوالێتی لە ١ ملیۆن زیاترە. ژیانی ئەو منداڵانە بەردەوام لە مەترسیدایە هەم لە ڕووی جەستەییەوە هەم دەروونیش، ئەو منداڵانەی بۆ ئەم کارە دەفرۆشرێن بەتەنها کچ نین بەڵکو کوڕیشیان تێدایە.

ئەو وولاتانەش کە منداڵان تیایدا کاری لەشفرۆشی دەکەن بریتین لە ئەفریقا، ڕۆژهەلاتی ئەوروپا، لاتین ئەمریکا و ڕۆژهەلاتی ئەندەنووسیا. کاری لەشفرۆشیش هێندە ئازاری جەستەیی ئەو منداڵانەی تێدا دەدرێت کە هەندێك جار دەبێتەهۆی مردنیان.

لەبەر سەرژمێری نەکردنی ئەو منداڵانەی لە کوردستاندا کاردەکەن تا ئێستا وەك پێویست نەزانراوە ژمارەیان چەندە. بەڵام ئەوەندەی ڕێکخراوی کۆمەك ئاماژەی پێکردبێت تەمەنیان لەنێوان ٥-١٨ ساڵدایەو زۆربەشیان منداڵی گوند و شارۆچکە و شارەکانن و لە خێزنێکی هەژارەوە هاتوون. بەپێی زانیاری هەمان ڕێکخراو لە کوردستاندا لە ٤ منداڵ منداڵێك ناچێتە قوتابخانە.

ژمارەی ئەو منداڵانەش کەم نین کە لە ترسی مامۆستا و لێدان و دەرنەچوون وازیان لە خوێندن هێناوە و دەستیان داوەتە کارکردن.

## ..هەواڵ..هەواڵ..هەواڵ..

*لەحاجی ئاوای سەر بەقەزانی ڕانیە ڕێکەوتی ٩/١٥ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ خەڵکی ئەم دەڤەرە خوێندکاری چواری ئامادەیی بوو بەهۆی تەقینەوەی پەرەمێز سوتاو ئێستا لە نەخۆشخانەی گشتی سلێمانیە ڕێژەی سوتانەکەی ٧٠٪ هەر لە ڕێکەوتی ٩/٢٤ لە گەڕەکی ئازادی شاری رانیە ژنێك کەناوی ڕۆژگار حامید تەمەنی ١٩ ساڵە بەهۆی تەقینەوەی غاز سووتاوە و گەیەنرایە نەخۆشخانە.

*لەڕێکەوتی شەوی ١٩لەسەر ٢٠٠٥/٩/٢٠ لەناو بازاڕی ڕانیە کوڕێکی تەمەن ٣٦ ساڵ بەناوی جەمال ئەحمەد ناسراو بە چەکۆ کە باری دەروونی پاش نەبوو دەکوژرێ وە ٢٠٠ دیناری چاپی نوێ ی لەگیرفاندا بووە.

*لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٢ کچێك بەناوی کەژین کە خەڵکی شەقڵاوەیە لە گەڕەکی زەندۆر لەشەقڵاوە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەرفێنرێت و لە نزیك باخێك بەجێی دێڵن جێگای وتنە ئەم کچە بۆنی لە لوت دەدرێ و بوراوەتەوە کەس‌وکاری زوو فریای کەوتن و ڕفێنەران نەیان توانی بیبەن بۆ شوێنی مەبەستیان.

*لەشەوی ٣/٤-١٠-٢٠٠٥ چەند چەکدارێکی نەناسراو هێرش دەکەنە سەر ماڵی ڕۆژنامەنوس محمد سیاسی ئەشکەنەیی کە پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوخۆیە هەرەشەی لێ دەکەن و چەکەکانیان بەرامبەری ڕادەگرن و دەست لەسەر ملی دادەنێن و ناوبراو دەپاڕێتەوە و دەڵێ گوناهم چییە و چی بووە لەدوای خەڵکی دەوروبەر دێنە دەرەوە و دەبێتە هۆسە لە شوێنەکەو چەکدارەکان ڕادەکەن.

*لەرانیە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/١٧ کچێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی نێرگز حەسەن بزربووە تاکو ئێستا خەبەری نییە.

*ماوەیەکە گەشتیارانی عەرەب کە بۆ هاوینە هەوارەکانی ناوچەی رواندزو بێخاڵ و گلی عەلی بەگ دەچن لەدەروازەی شاری سۆران لەلایەن گەنجانی دەڤەرەکە بەردبارانیان دەکەن جامی سەرەیارەکانیان دەشکێنن جێگای باسە ئەم گەشتیارانە ئافرەتی لەشفرۆش و منداڵی ڕەوشت خراپیان لەگەڵدایە و ناوچەکەیان بێزار کردووە و خەریکی ئەم کارەن.

*لە ٢٠٠٥/٩/٢٦ لەناوچەکانی کانی زەردو سەردەشت و بۆکان چەند دزوجەردەو جاش بەناوی پێشمەرگەی دیموکرات دەچنە سەر ئاواییەکانیان و داوای یارمەتیان لەخەڵك کردووە بەناوی پێشمەرگە.

*ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٥/٩/٢٥ لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لە نزیك بیرکۆتی شاری هەولێر شاعیرو نوسەر مامۆستا ئەنوەر مەسیفی و هاوسەرەکەی بە سەختی برینداربوون و دوو جگەر گۆشەکەی گیانیان لەدەستدا هەر ڕۆژێك لەدوای کارەساتەکە هاوسەرەکەشی لە خەستەخانە گیانی لە دەستدا لەبەر سەختی برینەکەی و دواجار ئەنوەر مەسیفی گیانی لەدەستدا.

*لەرێکەوتی ٩/٦ لە شارۆچکەی حاجی ئاوای سەر بە رانیە کچێك کە تەمەنی ١٨ ساڵ بوو ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا لەبەرئەوەی دراوە بە ئامۆزایەکی خۆی کە تەمەنی ٣٧ ساڵ بووە.

*لەحاجی ئومەران رێکەوتی ٨/٢ شوانێك بەناوی سوف ڕەمەزان لە کوێستانەکانی حاجی ئومەران بەهۆی کارەساتی مین تەقینەوە گیانی لەدەستدا.

*کۆمەڵێك لە گەنجانی رانیە سەکۆیەکی ئازادیان پێکهێناوە بەنیازن ئیمزا کۆبکەنەوە و ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی بکەن کە داوا لە پارێزگای هەولێر بکەن دەست لە سکاڵاکەی هەڵبگرێت بەرامبەر (ڕێبوار سیوەیلی)

*بەووتاری ڕۆژی هەینی ٩/٢ مەلا عەبدوڵای دەلوکۆترێ ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی مەلا غەفور لە رانیە هێرشی توندی کردەسەر ڕۆشنبیرو نوسەر (مەریوان هەڵەبجەیی و سەنتەری گەنجانی رانیە) کە لە کۆڕێکدا سازی کردووە ئەم قسانەی مەلا عەبدوللا بووە مایەی ناڕەزای گەنجان و ڕشنبیرانی دەڤەرەکە و بەنیازن سەردانی لایەنی بەرپرسیاری حکومەت بکەن بۆ سنوردانان لە تەدەخولی مەلاکان لەسەر ڕۆشنبیران و نوسەران لە دەڤەرەکە.

*لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٢٩ لاوێکی خەڵکی رانیە بەناوی فریاد احمد عزیز بۆ گەشتوگوزار لەگەڵ خێزانەکەیان دەچنە دوکان لەکاتی مەلەکردن نقوم دەبێو گیانی لەدەستدەدات بەڵام کەس‌وکاری نەیانتوانی تەرمەکەی بدۆزنەوە بۆماوەی ٨ ڕۆژ هەر لە کەناری ڕووبارەکەدا بەدوایدا گەڕان و لەم شوێنە دەمانەوە تاوەکو لەڕێکەوتی ٩/٦ لەڕووباری تەقتەق سەر ئاو کەوتبوو دۆزرایەوە.

*هاوڵاتی ئومێد حاجی برایم کاوانی خەڵکی ناوچەی شەقڵاوەیە لەووڵاتی ئەڵمانیا لەلایەن دەستێکی تیرۆریست دەکوژرێ بەڵام تەرمەکەی دەشوێندرێ و ماوەیەکی زۆر بێ سۆراغ دەبێ کەس‌وکاری زۆر بەدوایدا دەگەڕێن لەڕێکەوتی ٨/٣ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە لە قەراغ ڕووبارێك دا. جێگای باسە ناوبراو پارەیەکی زۆری پێبووە.

*لەگەرەکی رزگاری لە رانیە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٨ ئافرەتێك دوو منداڵی تەمەن ٣ ساڵ دەخاتە ناوسەیارەکەیان لەماڵەو دەرگاو پەنجەرەکەی داخست لە سەریان و بۆ ئارایشتگا ڕۆیشت لەکاتی دەگەڕێتەوە هەردوو منداڵەکە گیانیان لەدەست دابوو.

*خەڵکی دەڤەری مەرگە ناڕازین بەو شێوازەی حکومەتی هەرێم کە پردی نێوان مەرگە بتوێن و پشدەر لەناوچەی سەنگەسەر بۆ مەرگە دانراوە و ڕەتی دەکەنەوە هەموویان سوورن لەسەرئەوەی کە دەبێت لە دەربەندی رانیەوە بێ خەڵك نیگەرانن لەو گۆڕینی ڕێگاو بەفێڵ و فریودانی دەزانین چونکە پارەیەکی زۆر تەرخان کرابوو بۆ پردی دەربەند بەڵام ئێستا لەڕێگای سەنگەسەر بەکەمتر ئەنجامدەدرێت.

*لە کۆبونەوەیەکی فراوانی زیندانیە سیاسیەکانی دەڤەری ڕاپەڕین کە ژمارەیان ١٠٠٠ زیندانی زیاتر بوو لەگەڵ عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراو مەڵبەند کۆبوونەوە. جێگای باسە ئەندامێکی زیندانی سیاسی ڕووبەڕووی عارف روشدی بووە وە پێی ووت حیسابی پێڵاوەکانت بۆ زیندانی نەکراوە و ئەم قسانەی کە دەکەیت پولێك ناهێنێ و بایەخی نیە جێبەجێ ناکرێ ئەوە چەندین جارە ئەمە دووبارە دەبێتەوە.